# بەخشین لە ڕەمەزاندا



د. مەلا مادح مەلا محمد بەرزیوەیی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

**بە ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان**

دەڵێن لە سەردەمی حاکمی دادپەروەر عومەری کوڕی عەبدولعەزیز(١١٠ کۆچی) زەکاتیان بردە ئەفریقیا هیچ هەژارێك نەبوو وەریگری، بۆیە گەڕاندیانەوە خەزێنەی دەوڵەت، و حاکم فەرمانی دا بەشێك لە دانەوێڵەی زیاد لە سەر چیاکان دابنێن بۆ باڵندە کیویەکان، بۆ ئەوەی تەنانەت باڵندەیەکیش لە خاکی موسڵمانان بە برسیەتی نەمێنیَ! ئەمە ئەفسانە نییە، بەڵکو ڕاستیەکی مێژووییە مرۆی پیَ سەرسام دەبێت، تۆ بڵێی ئەو پیاوە مەزنە چ کارێکی کردبی کە لە ماوەی دوو ساڵ و نیوی حوکمڕانی دا هەژاری لە وڵاتی خۆی بنبرکرد؟!

جاران کە منداڵ بوین لەمانگی ڕەمەزاندا، دەمانپرسی: بۆچی دەبیَ بەڕۆژی بین؟ دەیانگوت: بۆ ئەوەی هەست بە برسیەتی هەژاران بکەین! دەمان پرسیەوە، ئەی بۆچی هەژاران بەڕۆژی دەبن؟!

بێگومان بەڕۆژو بوون خواپەرستیە، زۆر مەبەستی چاکی تێدا بەدەردەکەون، لەوانەیە هەندێکیان بزانین و هەندێکیشمان لیَ دیار نەبن.. بەڵام زۆر ئاشکرایە کە بەندایەتی بۆ خودای پەروەردیگار لوتکەی ئازادی و سەربەرزییە، ئەو یەکسانییەی لە خوا پەرستی هەیە بیَ هاوتایە، چونکە هەموومان بە یەکسانی لە ڕۆژێکدا پێنج نوێژان دەکەین، لە ساڵێکدا مانگێك بە ڕۆژو دەبین، لە تەمەنمان جارێك حەجی ماڵی خودا دەکەین بە گوێرەی توانا، وەهەر کەس سامانی هەبوو بە ڕێژەیەکی دیاریکراو ئەبیَ ساڵانە زەکاتی ماڵی خۆی بدات، بە ڕێژەی ٢,٥٪.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆر جەخت لە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، هەمیشە هەوڵ دەدات کە کێشە کۆمەڵایەتیەکان بنبڕ بکات، بە تایبەت کێشەی هەژاری، وەچارەسەری بۆ داناوە و مافی ئەوانی پاراستوە، بیَ ئەوەی ئەوان داوای بکەن و شۆڕشی بۆ بەرپا بکەن، و بیَ ئەوی بارگرانییێکی زۆر بخاتە سەر سەرمایەداران، چونکە ڕێژەی ٢,٥٪ زۆر کەمە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو باجەی کە وڵاتە پێشکەوتوەکان دەیخەنە سەر دەوڵەمەندان، کە دەگاتە: ٣٠٪ لە هەندێك وڵاتی وەکو ئەمەریکا!

بۆیە ڕەمەزان بۆ هەژارانیش قوتابخانەیەکە کە فێری ئارام گرتنیان دەکات، و بۆ ئەوەی بیَ ئومێد نەبن، بزانن کە هەموو خەڵك لە ڕۆژدا وەکو ئەوان برسی و تێنون، وەکەس ئەوان لە یاد ناکات، بەڵکو بە خۆشحاڵییەوە ماڵیان پیَ دەبەخشن لە ڕێگای زەکات و سەرفترە و صەدەقە و یارمەتی جۆراوجۆر، کە ئەمەش تەبایی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکات، لایەنی دەروونی، و ماددی هەژاران بە هێز دەکات، و بە هەژاران ڕادەگەیەنیَ کە ئەوان بە تەنیا نین...

لە یابان لەبەر هەژاری و بیَ کاری لە ساڵی ٢٠٠٣ زۆر لە هەژارانی ئەو وڵاتە خۆیان کوشت، نزیکەی ٣٣ هەزار هەژار خۆیان فەوتاند، چونکە ئومێدیان بە دوارۆژ نەبوو، بڕوایان بەو خودایە نەبوو کە لە دوای تەنگانەدا خۆشی دەبەخشی، تەبایی کۆمەڵاتی لاواز بوو، هەرکەس بۆ خۆی دەژیا!

میللەتی کورد چاك لەو پەیامەی ئیسلام حاڵی بووە، باش بە جێی گەیاندووە جاران وئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان لە کاتی ڕۆژئاوا بون خەڵك لەو چێشتەی ئامادەی دەکات بۆ بەربانگ بەشێکی بۆ دراوسیَ و هەژاران دەنێرن، بەخشین و خێراتی جۆراو جۆر دەکەن و ئاوڕ لە هەژاران دەدەنەوە، کە ئەمە کارێکی زۆر چاکە، بەڵام پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە.

یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی جیهان بە تێکرا هەژارییە، کە زیاتر لە دوو ملیار کەس بە دەست نەداری دەناڵێنن، ساڵانە ١٣ سێزدە ملیۆن مناڵ لەبەر کەم خۆراکی دەمرن. کێشە سیاسییەکان و ململانیَ ئابووری، کێشەی زۆری بۆ مرۆڤایەتی خولقاندوە، زۆربەی سامانی جیهان لە ژێر دەستی ڕێژەیەکی کەمی سەرمایەداران دایە، بۆیە چەقبەستنی سەرمایە، و ڕاگرتنی لە ژێر دەستی سەرمایەداران یەکێکە لە کێشە گەورەکانی ئابووری جیهانی، کە ئابووری ناسانی سەرگەردان کردووە، بەڵام ئایینی ئیسلام ڕێگەی چارەسەری بۆ داناوە، کە ئەویش لە ڕێگای بەخشینی زەکاتە، چونکە سەرمایە، ئەگەر وەگەڕ نەخستریَ لە ماوەیەکی دیاریکراو کە چل ساڵە زەکات کۆتایی پیَ دەهێنیَ، بۆیە

سەرمایەدار ناتوانێ سەرمایەکەی بلۆك بكات و ڕایبگرێ، بەڵکو هەمیشە وەگەڕی دەخات کە ئەمەش دەبێتە هۆی بوژاندنەوەی ئابووری و سوود دەبەخشێ بەهەژاران.

دەڵێن لە هەر شوێنێك هەژارێکت بینی ئەوا بزانە کە لە پاڵیا کەسێك هەیە کە مافی ئەوی خواردووە، بۆیە خودای دلۆڤان بەخشینی فەرز کردووە، بەدەقی قورئانی پیرۆز، کە فەرمویەتی: [وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَارْكَعُوا مَعَ الرَّاكِعِينَ]،البقرة [٤٣] .

هەروەها فەرمویەتی: [خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلَاتَكَ سَكَنٌ لَهُمْ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ] التوبة [١٠٣] .

هەروەها ئەم بەخشینەی ناو ناوە (زەکات و صەدەقە)، و هەر لە ناوەکەی دیارە کە (زەکات) ماڵ کەم ناکات، چونکە زەکات لە زماندا بە واتای زۆر بون و بە پیت بوون دێت، بۆ ئەوەی خاوەن ماڵ نەترسێ و ڕەزیلی بە ماڵەکەی نەکات، چونکە هەرچەندە کرداری زەکات لە ڕەواڵەتدا کەم بونەوەی ماڵە لە لای دەوڵەمەند کە بەشێکی لێ دەداتە هەژاران، بەڵام لە ڕاستیدا ماڵەکەی کەم ناکات، و بەرەکەت دەکەوێتە ناوماڵی و خودا بۆی زیاد دەکات، و دەیپارێزی لە بەڵاو کارەسات و زیان و زەرەر، پیرەمێردی شاعیر فەرمویەتی:

سەرمایەت بۆ خۆت زەکات بۆ خودا
مێو گەر بیبڕی چاکتر بەر ئەدا

هەروەها بۆ ئەوەی بە چاکترین شێواز ئەم زەکاتە بگاتە دەستی کەسی شیاو ئەوا خودای مەزن خۆی ئەو جۆرە کەسانەی دیاری کردونە کە دەبێت زەکاتیان پێ بدرێت، فەرمویەتی: [إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ]، التوبة /٦٠.

واتا بەخشینی زەکات بۆ ئەو کەسانەیە کە هەژارن و کەمدەرامەتن و ئەوانەی بە کاری کۆکردنەوەی زەکات لە دەوڵەمەندان و بەخشینەوەی بە موستەحەققان هەڵدەستن، و ئەوانەی تازە موسڵمان دەبن و خاوەن پلەو پایەن و پێویستیمان بەوان هەیە و بۆ دڵنەوایی ئەوان دەیاندرێتێ، بۆ ئەو کۆیلانەی دەیانەوێ خۆیان بکڕنەوە و ئازاد ببن، و ئەوانەی ماڵیان قەرز کردووە بۆ کۆتایی پێهینانی کۆمەڵایەتییەکان و کاری ئیصلاحیان پێ کردووە، و بۆ ئەوانەی لە پێناو دین و خاکیان تێ دەکۆشن تەنیا بۆ ڕەزامەندی خودا غەزا دەکەن، بۆ ئەوانەی ڕێبوارن و پارەی گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان پێ نەماوە، دابەشکردنی زەکات بەو شێوەیەیە لە لایەن خواوە لە گەردەنی ئیمانداراندا، خواش زاناوودانایە، لەسامان بەخشین و فەرزکردنی زەکات.

بۆیە ناکرێ زەکات بۆ غەیری ئەوانە سەرف بکرێ، واتا زەکات بۆ تاکە کەسە، نەك بۆ لایەن، دامو دەزگا و پڕۆژەی خێرخوازی، و تەنانەت بۆ دروستکردنی مزگەوت و پرد و قوتابخانە و نەخۆشخانە و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنیش نابێت، چونکە قورئانی پیرۆز ئەم بابەتەی یەکلا کردۆتەوە.

لە کوردستانی خۆمان ساڵانە زەکاتێکی زۆر دەبەخشرێ، تەنیا سەرفترەی ڕەمەزان لەم ساڵەدا نزیکەی ١٥ پانزە ملیار دینارە، بێجگە لە دوو و نیو لە سەدای تێکڕای سامانی سەرمایە داران و بازرگانان و لە دەیان یەکی دەغڵودانی جوتیاران، هەروەها زەکاتی سەرمایەی ئاژەل و ڕەز و.. تاد.

جا ئەگەر بێت ئەم زەکات و صەدەقەیە ڕێك بخرێت و بە دادپەروەری دابەش بکرێت، لە ژێر چاودێردی کەسانی دەست پاك و لێزان ئەنجام بدرێ ئەوا بێگومان کێشەی هەژاریمان نامێنێ.

وڵاتی (مالیزیا)،ئەم بابەتەیان ڕێك خست و باشترین سوودیان لێ بینیوە، ئێمە لەم قەیرانەی ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستیمان بە پڕۆژیەکی نیشتیمانی دڵسۆزانە هەیە بۆ ڕێکخستنی بەخشینی زەکات، و پێداچوونەوەی مەوقوفاتی مزگەوت و شوێنە ئایینیەکان، کە بە دەستێکی ئەمین و پاك بکرێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی هەژاری و نەداری.

بۆیە دەڵێین ڕەمەزان و بەخشینی زەکات دوو تەوەری گرنگن بۆ چاکسازی لە ناو ناخی تاکەکەس و لە ناو کۆمەڵگا بەگشتی، ئەگەر چاك لە ناوەڕۆك واتاکانیان حاڵی بین و وەکو خۆیان ئەنجامیان بدەین.

*** ئەندامی ئەنجومەنی زانستی لە وەزارەتی ئەوقاف**

کێشە

# ئافرەتانی هەڵەبجە داوای کردنەوەی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دەکەن

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان شەش بەڕێوەبەرایەتی و ٢٨ نووسینگەی هەیە، سەرجەم ڕووداوەکانی سووتان، خۆسووتاندن، کوشتن، خۆکوشتن، سکاڵا و دەستدرێژیی بۆ سەر ئافرەتان لەلایەن نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانیانەوە تۆمار دەکرێن، هاوکات بەپێی سەرژمێرییەکان ژمارەی دانیشتووانی سنووری شاری هەڵەبجە زیاتر لە ١١٠ هەزار کەسن و تا ئێستا نووسینگەیەکی توندوتیژی لەم شارەدا بوونی نییە، چالاکانی مافی مرۆڤیش بوونی ئەو نووسینگەیە بە پێویست دەزانن.



لە دەستپێکی ڕاپۆرتەکەدا سندس حوسێن بەرپرسی ئەنجومەنی ئافرەتانی پارێزگای هەڵەبجە کە سەربە (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان)ـە، دەڵێت: «جێگەی خۆشحاڵی ئێمەی ڕێکخراوەکانی ئافرەتانە کە چەند ساڵێکە ڕێژەی توندوتیژی لە سنووری هەڵەبجە بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان لە نزمترین ئاستی تۆمارکراوی توندوتیژییەکان بووە، بەڵام بە ڕای من ئەمە ئاماری تەواو نییە و بە دڵنیاییەوە ئەگەر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونەوە ئامارەکان تۆماربکرێت و پەیوەندیی جددی هەبێت لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لەم سنوورەدا، ئەوکات دەردەکەوێت کە ڕێژەی توندوتیژییەکان زیاترن، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ نەبوونی نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی لە شاری هەڵەبجە دەگەڕێتەوە.» گوتیشی: «ئێمە وەك یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەکاتی دەست بەکاربوونی ئەنجومەنی پارێزگاری هەڵەبجە، یەکەم پێشنیارمان کردنەوەی ئەو نووسینگەیە بووە و داوامان کردووە بکرێتە ئەولەوییەتی کارەکانیان، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان نەهێنراوەتەوە ئەم شارە و نەبوونی ئەم نووسینگەیەش بۆتە هۆکارێك کە ئافرەتان نەتوانن لەکاتی پێویست هانا بۆ ئەم شوێنە ببەن، تاوەکو هاوکاری بکرێن. هاوکات ڕێکخراوەکانیش وەك پێویست ناتوانن بە هۆی دووری نووسینگەکە کە لە قەزای سەیدسادق-ـە هاوکار و سوودمەندبن و تۆماری ئەو توندوتیژییانە ناکرێت لەلایەن ئەو بەڕێوەبەرایەتییە و نووسینگەی مافی مرۆڤیش کە لە شوێنی دوور کراونەتەوە.»

پارێزەر و یاساناش باران محەمەد ڕایوایە «نەبوونی نووسینگەی توندوتیژی خێزانی لە هەڵەبجە، وایکردووە تا ڕادەیەك لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان خێزان ئاستەنگ دروست ببێت.» هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە «کاتێك تاکێکی خێزان، یان ئافرەتێك تووشی ئازار و ئەشکەنجە و توندوتیژی دەبێت، هیچ بەڕێوبەرایەتییەك، یان نووسینگەیەك بوونی نییە، تا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کیشەکەی پەنای بۆ بەرێت.» گوتیشی: «لێرەدا گرنگیی بوونی ئەو نووسینگەیەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەتوانێت هۆکاریك بێت بۆ چارەسەرکردنی کیشەکان، جا کێشەکان لە سەر ئاستی خێزان بن، یان لە سەر ئاستی کۆمەڵگە بێت. سەبارەت بە ڕۆڵ و گرنگیی ئەو نووسینگەیە بۆ ئافرەتان دەتوانم بڵێم گرنگییەکی تەواوی هەیە، چونکە ئافرەت لەو بیرکردنەوە رزگاری دەبێت کە لایەنێك، یان نووسینگەیەك بوونی هەیە، کاتێك ئەم ئافرەتە تووشی کێشەیەك دەبێتەوە. دەمەوێت ئەوەش بڵێم لە پاڵ نەبوونی هیچ نووسینگەیەکی توندوتیژی لە هەڵەبجە، تا ئێستا هیچ بەڕێوبەرایەتییەکی پۆلیس

تایبەت بە توندوتیژی لە هەڵەبجە بوونی نییە، تاوەکو ئافرەت، یان تاکی خێزان، لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان پەنای بۆ بەریت. ڕاستە لە دادگا توێژەری کۆمەڵایەتی هەن و لیژنە هەیە کە لە چەند پسپۆڕێك پێکهاتوون بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی خێزان، بەڵام تا ئێستا نەیانتوانیوە بە تەواوی ببن بە بەدیلی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، واتە لەوانەیە نەبوونی ئەو نووسینگەیە لە هەڵەبجە خۆی لە خۆیدا مانای کەمیی کێشەکان بگەیەنێت، بەڵام بە مانای نەبوونی کێشە نایەت.»

نووسەر و ڕۆژنامەنووس نامیق هەورامی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پێویستە نووسینگەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە هەموو کوچە و کۆڵانێك هەبێت، چونکە ئێمە کۆمەڵگەیەکین بەردەوام توندوتیژی بەرهەم دەهێنین، هەڵەبجەش وەك پارچەیەك لەم کۆمەڵگەیە پێویستی بە نووسینگەیەکی لەو جۆرە هەیە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەم نووسینگانە نابێت کاری بنکەی پۆلیس بکەن، پێویستە هوشیاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری یەکسانی بڵاوبکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەو دیاردانە کەم ببنەوە، ئەگەر هەشبێت، ژنان نەترسانە بتوانن سکاڵا تۆمار بکەن، هەڵەبجە بەو پێیەی کەوتووەتە جوگرافیایەکی تێکەڵەوە، لە نێوان سنووری (جاف و گۆران)دایە، چەند کەلتوور و ئایینێکی جیاوازی تێدایە، بۆیە گرفتیشی تێدا هەیە، بەوپێیەی ئێستا پارێزگایە وەك هەرکام لە دامودەزگاکان پێویستی بەو نووسینگەیەش هەیە. ئەوەی گرنگە بۆ ئەو سنوورە بگوترێ، ئەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجەدا، واتە لە هەورامان، لە ساڵی ٢٠٠٣وە هیچ ئامارێکی توندوتیژی تۆمار نەکراوە، بۆیە ئەم جیاوازی کەلتوورە دەبێت وردتر کاری لەسەر بکرێت و بکرێتە بنەما بۆ کەلتووری یەکسانی و نەمانی توندوتیژی دژی ئافرەتان.»

لەلای خۆیەوە دەروونناس سامان سیوەیلی پێناسەی کەسانی توندوتیژ دەکات و ڕایوایە مەحاڵە ساتەوەختێك لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بدۆزینەوە کە تیایدا توندوتیژی بەکارنەهێنرابێت، گوتیشی: «لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زیاتر توندوتیژییە فیزیکییەکان دەخرێنە خانەی توندوتیژییەوە، لە کاتێکدا توندوتیژی دەروونی پانتاییەکی گەورەی لە ژیانی کۆمەڵگەدا گرتووە.» جەختی لەوەش کردەوە کە «لەم ڕۆژگارەی ئێستادا مەحاڵە شەو و ڕۆژێك بەسەرماندا تێپەڕێت، ئەگەر هەواڵی چەند حاڵەتێکی توندوتیژی تێدا نەبیستین.» گوتیشی: «دەروونناسی بەناوبانگی ئەمەریکی (سکێنەر) دەڵێت: توندوتیژی لە هزرەوە سەرچاوە دەگرێت، پاشان دەبێتە ڕەفتار (زارەکی، یان جووڵەیی)، کەواتە هزری توندوتیژ بەرهەمهێنی توندوتیژییە.»

سیوەیلی لە درێژەی شیکارییەکەیدا بۆ گوڵان هێمای بۆ ئەوە کرد کە «زۆر بە سانایی لە دیرۆکی مرۆڤایەتیدا سەدان و هەزار و بگرە ملیۆنەها پاڵەوانی کوشتن و بڕین و کاولکاری دەدۆزینەوە، بۆیە دەکرێت توندوتیژی بە بەشێکی دانەبڕاوی سروشت و پێکهاتەی سایکۆلۆژی مرۆڤ دابنرێت، گوتیشی: «تێنەگەیشتنی تەواو لە چەمکی توندوتیژی وایکردووە، تەنیا ڕووداوە خوێناوییەکان خوێندنەوەی بۆ بکرێت، دەنا توندوتیژی خۆی لە چەندین فۆرمی دیکەدا نمایش دەکات، بۆ نموونە، دیاردەی خەتەنەکردنی کچان بە فۆرمێکی توندوتیژی دادەنرێت کە بەرامبەر ڕەگەزی مێینە بەڕێوەدەچێت، بەڵام لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا وەك بەجێهێنانی سوننەتێك لێی دەڕوانرێت. ناپاکیی هاوسەریی هەر لایەنێك لە هاوسەران ئەنجامی بدەن بە توندوتیژی دادەنرێت دژی بەرامبەر، بەڵام لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا وەك لادانێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، نەك توندوتیژی، خۆبەدوورگرتن لەئەنجامدانی پرۆسەی سێکسیی هەر لایەنێکی ژیانی هاوسەریی پێی هەستێت، بە هەمان شێوە بە توندوتیژی دادەنرێت. کەسانی توندوتیژ کەسانێکن لەڕووی سۆزدارییەوە ساردن، لەڕووی بەزەییەوە دڵڕەقن، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێباکن، دەمارگیرن بۆ بیروباوەڕ و بۆچوونەکانیان، سەرسەختن لە مامەڵە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا، زۆر بە کەمیش خوێندنەوە بۆ ئایندەی ڕەفتارەکانیان دەکەن. کەسانی توندتیژ ویژدانیان دووچاری هەڵاوسان بووە، ئینجا ئەم هەڵاوسانە دەرەنجامی پەروەردەیەکی چەوتی خێزانی بێت، یاخود لە ڕێی شتنەوەی مێشکەوە بێت کە ئایدیۆلۆژیایەك، یان تاقم و گرووپ و حزبێك کاری لەسەر بکەن و تاك لە بەها مرۆییەکان بشۆنەوە. کەسانی توندوتیژ لێبوردە نین، لێبوردەیی بە لاوازی و بەزین دەبینن. ئەگەر بەرامبەر داوای لێبوردنیان لێبکات، ئەوا پەسەندکردنی ئەو داوایە بە بەزین دادەنێن، خۆشیان ئامادەنین داوای لێبوردن بکەن، چونکە باوەڕیان وایە کە لاوازیی خۆیان نیشان دەدەن، ئەمە لەکاتێکدا پرەنسیپەکانی دەروونتدروستی پێمان دەڵێت، یەکێك لە خەسڵەتەکانی کەسانی دەروونتدروست بریتییە لە لێبووردەیی. کەسانی ناتوندتیژ لەدوای ئەنجامدانی هەڵەیەك، یان توندتیژییەکی کاتی هەست بە پەشیمانی دەکەن و تووشی ئازاری ویژدانیان دەبن، بەڵام کەسانی توندوتیژ هەست بە پەشیمانی ناکەن و ئازاری ویژدانیان تووش نابێت، چونکە لەبنەڕەتدا ویژدانیان وەك پێکهاتەیەکی سایکۆلۆژی نەخۆشە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا یاساکانی هەرێم یاسای ژنسالارین هەمووی دژی پیاوە و ژنان لە ڕێی یاساوە مافەکانیان بۆ دەگەڕێندرێتەوە.»

**لە هەورامان، لە ساڵی ٢٠٠٣وە هیچ ئامارێکی توندوتیژی تۆمار نەکراوە. ئەم جیاوازی کەلتوورە دەبێت وردتر کاری لەسەر بکرێت و بکرێتە بنەما بۆ کەلتووری یەکسانی و نەمانی توندوتیژی دژی ئافرەتان**

**خۆبەدوورگرتن لەئەنجامدانی پرۆسەی سێکسیی هەر لایەنێکی ژیانی هاوسەریی پێی هەستێت، بە هەمان شێوە بە توندوتیژی دادەنرێت**

**یاساکانی هەرێم یاسای ژنسالارین هەمووی دژی پیاوە و ژنان لە ڕێی یاساوە مافەکانیان بۆ دەگەڕێندرێتەوە**

**تێنەگەیشتنی تەواو لە چەمکی توندوتیژی وایکردووە، تەنیا ڕووداوە خوێناوییەکان خوێندنەوەی بۆ بکرێت، دەنا توندوتیژی خۆی لە چەندین فۆرمی دیکەدا نمایش دەکات**

# ئافرەتێکی عەرەب .. لە ژێر ئاڵای کوردستان کەرامەتمان پارێزراوە

**ژمارەیەکی زۆری ئافرەتی بیانی بۆ کارکردن روویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کردووە. عەرەبی عێراقی و سووری، چینی، فلیپینی و ئەفریقی و خەڵکی زۆر وڵاتی دیکەشیان تێدایە. بەشێکیان لە لایەن کۆمپانیاکانەوە هێنراون و کاری ماڵان دەکەن. هەندێکیشیان بەتایبەتی عەرەبەکان خۆیان بە تەنیا، یان لەگەڵ خێزانەکانیان هاتوون و بە هۆی شەڕی ناوخۆی مەزهەبی و تائیفی ئاوارە بوون، یەکێک لەو ئافرەتانە کە لە ئەنبار لەدایک بووە و لە بەغدا گەورە بووە و دواتر هاتووەتە کوردستان، بەسەرهاتی خۆی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە.**

**دایکم باشی پەروەردە کردین و وای ئامۆژگاری کردین، کە هەرگیز هیچ کەسێک نەتوانێ ئیستغلالمان بکات. کاتێک دایکمان کۆچی دوایی کرد و ئیتر من و خوشکە بچووکەکەم بە تەنیا ماینەوە، ئەوە کارەساتی گەورە بوو، کە گەورەترین پشتیوانی خۆمان لەدەست دا**

بالاپۆشێکی درێژی لە بەردایە و لە ژێر سەرپۆشەکەیەوە پرچی بە لای هەردوو روومەتیدا بەرەو چەناکەی شۆڕ کردووەتەوە. جووتێ پێڵاوی تەختی لە پێدایە و ماکیاجێکی نەرمی کردووە. بە عەرەبییەکی بەغدایی دەدوێ، هەندێك زمانی ئینگلیزی و چینی دەزانێت و چەند وشەیەکی فارسی فێر بووە، بەڵام زمانی کوردی بە تەواوی فێر بووە و بەئاسانی قسەی پێدەکات. ئەو بە گەرمی پێشوازی لە موشتەرییەکان دەکات. دەست و پەنجەی زۆر خێرایە و لە کاری ئارایش و پرچ بڕین و بۆیەکردنی پرچ و تەنانەت لە تاتۆ و زۆر بواری دیکەی جوانکاریی ئافرەتان شارەزاییەکی تەواوی هەیە. خاوەن کارەکەی و موشتەرییەکانیش زۆر لە دەستی رازین. لەگەڵ ئەوەی بەردەوام دەم بە خەندەیە، بەڵام خەمێکی قووڵ لە نێو چاوەکانیدا خۆی حەشار داوە. ئەوە پێناسەیەکی کورت بوو لە مەعسوومە. وەك خۆی باسیکرد، لەگەڵ خوشکێکی خۆی پێکەوە دەژین و هەر دووکیشیان لەو ئارایشگا گەورەیە کاردەکەن. ئەو زۆر سوپاسگوزاری خەڵکی کوردستان دەکات و دەڵێت: «ئێمە گەنج بووین، باوك و برامان نەبوو، لە لایەن کۆمەڵگەی خۆمانەوە تووشی زۆر کێشە هاتین و گێچەڵی زۆریان پێ کردین. لە بەغدا ئەمانمان نەبوو، هەزاران قسەوقسەلۆکیان بۆ هەڵدەبەستین، ساڵێك پێش ئەوەی رژێمەکەی سەدامی نەفرەتی بڕووخێ، هاتینە کوردستان، بەڵام لێرە زۆر رێزمان دەگرن و هیچ کێشە و گرفتێکیان بۆ دروست نەکردووین.»

مەعسوومە تەمەنی ٣٨ ساڵە و وەك خۆی باسیکرد، هێشتا هاوسەرگیری نەکردووە، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە زۆر بە وریایی چاودێری دەوروبەری دەکات، چونکە متمانەی بە پیاوان نییە.

کاتێك پرسیارمان کرد هۆکاری ئەو بێ متمانەییەت بە پیاون چییە؟ زۆر راشکاوانە گوتی: «من لە بەغدا کاری سکرتێری دکتۆر و فرۆشیاری لە مارکێت و تەنانەت کاری چێشتخانە و یانەی شەوانەشم کردووە، بەڵام زۆربەی خاوەن کارەکانم لە بەرامبەر ئەو بڕە پارەی کە مافی خۆم بوو لە بری کار وەرمدەگرت، نیازی پیسیان هەبوو. بۆیە بڕیارم دا، تەنیا لەگەڵ ئافرەتان کار بکەم، ئەوە بوو کە رووم لە کاری ئارایش و جوانکاری کرد. خاوەن کاری پیاو زۆربەیان لە بری ئەو پارەی مانگانە کە بە ئافرەتی کارمەندیان دەدەن، پێیانوایە بوونەتە خاوەنی و سنووری خۆیان نازانن.»

مەعسوومە لە درێژەی ئاخاوتنەکەیدا بەمجۆرە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەداتەوە کە خانەوادەکەی چی بەسەر هاتووە و بۆچی تەنیا خۆی و خوشکە بچووکەکەی پێکەوەن: «باوکم لە تەمەنی پەنجاو یەك ساڵی کە هێشتا تەمەنێکی وای نەبوو، تووشی جەڵدەی دەماخ بوو، کۆچی دوایی کرد. براشمان نەبوو، چوار خوشك

**باوکم لە تەمەنی پەنجاو یەک ساڵی کە هێشتا تەمەنێکی وای نەبوو، تووشی جەڵدەی دەماخ بوو، کۆچی دوایی کرد. براشمان نەبوو، چوار خوشک بووین و من گەورەکەیان بووم. بۆیە هەر زوو وازم لە خوێندن هێنا و بە ناچاری بۆ ئەوەی یارمەتی دایکم بدەم، دەستم بە کارکردن کرد**



بووین و من گەورەکەیان بووم. بۆیە هەر زوو وازم لە خوێندن هێنا و بە ناچاری بۆ ئەوەی یارمەتی دایکم بدەم، دەستم بە کارکردن کرد. بەڵام دایکم باشی پەروەردە کردین و وای ئامۆژگاری کردین، کە هەرگیز هیچ کەسێك نەتوانێ ئیستغلالمان بکات. کاتێك دایکمان کۆچی دوایی کرد و ئیتر من و خوشکە بچووکەکەم بە تەنیا ماینەوە، ئەوە کارەساتی گەورە بوو، کە گەورەترین پشتیوانی خۆمان لەدەست دا. دوای ئەوە خوشکێکم مێردی کرد و مێردەکەشی زۆر دەست کورت بوو. زیاتر لە دە ساڵە ئاگامان لە یەکتر نەماوە، خوشکێکیشم کە لەگەڵ مونەزەمەی ئەجنەبییەکان کاری دەکرد، ئەو رۆیشتە هەندەران و تا ئێستاش لە وڵاتی فینلەندا دەژی. بەڵام ئەو خوشکەمان کە لە هەندەرانە زۆر هاوکاری کردووین. لەگەڵ ئەوەشدا لە بەغدا نەهامەتی زۆرمان بینی، بەڵام ئەوە نزیکەی چواردە ساڵە لە کوردستان دەژین و زۆریش ئاسوودەین.»

لە دواقسەشی وەك پەیامێك بۆ خەڵکی کوردستان، گوتی: «عێراق تووشی کاولکاری و شەڕی مەزهەبی بووە، ئێمە لە ژێر ئاڵای عێراق هەستمان بە ئاسایش نەکرد، بەڵام لە ژێر ئاڵای کوردستان حەواینەوە و کەرامەتمان پارێزراوە، بۆیە هیوادارم کوردستان ببێتە دەوڵەت و شایانی ئەوەشە، چونکە هەموو نەتەوەیەك و هەموو ئایینێك لەم کوردستانەدا رێزی خۆیان هەیە.»